ئاسۆس هەردی "بردنەوەی شەڕە بچووکەکان!، باشترین زامنی بردنەوەی شەڕە گەورەکانە"

بەمەبەستی کۆکردنەوەی ناڕەزایی ژنان لەمەڕ ڕێنماییەکەی حکومەتی بەغداد سەبارەت بەدەرهێنانی پاسپۆرتی جۆری Gبۆ ژنان لەڕێنماییەکەدا هاتووە کە دەبێت ژنان "لەکاتی دەرکردنی پاسپۆرتی جۆری Gئیمزاو ڕەزامەندی وەلی ئەمریان بهێنن"، ئەمە لەکاتێکدایە کە بەپێی یاسای باری کەسێتی عێراقی سەپاندنی ئیمزای وەلی ئەمر، مێرد، باوک، برا، باپیر، مام، ئامۆزا، بەسەر ژناندا لەسەروو تەمەنی ١٨ ساڵییەوە سەرپێچی کردنی تەواوی یاساکەیە.

بۆ ئەم مەبەستە ڕێوان هەڵمەتێکی بەگەڕ خستووە کە خۆی لەکۆکردنەوەی ئیمزاو والاکردنی لاپەڕەکانی (ڕێوان) بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەم مەسەلەیە دەبینێتەوە، لەژمارەی ئەمجارەشدا ئاسۆس هەردی سەرنوسەری هەفتەنامەی ئاوێنە، لەوەڵامی پرسیارەکاندا بەم شێوەیە بۆ ڕۆژنامەکەمان دوا:

*** ئایا لە رووی مرۆیی و فیکرییەوە چۆن ئەم ڕێنماییە هەڵدەسەنگێنیت؟**

- هەموو شتێك لەعێراقدا مۆلەقە! هیچ شتێك مسۆگەرو یەکلاکراوە نییە. چەند دڵمان خۆش بێت بەوەی لە "عێراقی نوێ"دا کۆمەڵێك مافو ئازادیمان دەستکەوتووە، دەبێ دان بەوەدا بنێین‌و وشیار بین بەوەی کە هەر هەموویان لەسەر شەپۆلانی نائارامی دەریا تۆفانییەکەی عێراق لە هەڵکشان‌و داکشاندان‌و دەشێت لەم گێژاوەدا نوقم بن‌و لەقوولاییدا لێمان ون بن، یاخود بگەنە ئەو کەنارە ئارامەی هەموومان خەوی پێوە دەبینین. کێشەکە لەوەدایە، هەموو ئەو شتانەی بە "دەسکەوتەکان" ناویان دەبەین، لەئەنجامی قەناعەتو بڕوای هێزە سیاسییە کوردی‌و عێراقییەکانەوە نەکەوتوونەتەوە، بەڵکو ئەوە گوشاری دەرەکی‌و نەبوونی دەرفەتی خۆفەرزکردنە لەعێراقدا کە گەلێك هێزی توندڕەوو کۆنەپارێزی ناچار کردووە، (جارێ!!) بێدەنگ بن‌و رووی راستەقینەی خۆیان دەرنەخەن. بۆیە دەبێ چاوەڕێی ئەوە بین کە ئەو هێزانەی ئەمڕۆ دەزانن بواری ئەوەیان نییە کەڵبەکانی خۆیان نیشان بدەن، بەردەوام لە فرسەتو هەلێك بگەڕێن کە ژیربەژێر بەرنامەو ئایدیۆلۆجیا ژەنگاوییەکانی خۆیان تێپەڕێنن‌و بەسەرماندا فەرزی بکەن. خۆ ئەگەر ڕۆژێکیش بێتە پێشەوە کە هەست بکەن ئەو بوارەیان هەیە، دەبێ چاوەڕێی لەوە خراپتریش بکەین.

*** ئەگەر بزووتنەوەیەکی بەهێزی ژنان هەبووایە بوێری ئەوە دەکرا ڕێنماییەکی لەو شێوەیە دەربکرێت کە سەرپێچی یاسایشە؟**

با زۆر دوور نەکەوینەوەو بێینە سەر پرسیارەکەی ئێوە

ئەم بڕیارە ڕاستەوخۆ پێشێلکردنی مافی ئازادیی سەفەرو هەڵوەشاندنەوەی ئەو بەندەشە کە دەڵێت هاوڵاتیان لەبەرامبەر یاسادا یەکسانن بەبێ جیاوازیی ڕەگەز، زمان، ئایین.

بەدیاریکراوی. دەستووری عێراقی نەك هەر دان بە یەکسانیی ژن‌و پیاودا دەنێت، بەڵکو راشکاوانەش دەڵێت نابێ هیچ یاسایەك لەعێراقدا دەربچێت کە پێچەوانەی مافەکانی مرۆڤ‌و بەها دیموکراتییەکان بێت. لێرەشەوە خۆ بەخۆ ئەم بڕیارە ڕاستەوخۆ پێشێلکردنی مافی ئازادیی سەفەرو هەڵوەشاندنەوەی ئەو بەندەشە کە دەڵێت هاوڵاتیان لەبەرامبەر یاسادا یەکسانن بەبێ جیاوازیی ڕەگەز، زمان، ئایین... هتد.

کەسمان گومانمان لەوە نییە کە حکومەتو وەزیرەکانی عێراق زۆر چاك ئاگاداری بەندەکانی دەستووری عێراقن. نەك هەر ئەوە، بەڵکو دڵنیاین کە ئەندامانی پەرلەمانی عێراقیش دەبێ یەکێك لە ئەرکە بنەڕەتییەکانیان چاودێری کردنی حکومەت بێت لەو رووەوە کە پێشێلی بنەما دەستوورییەکان نەکات. بەڵام کێشەکە لەوەدایە، زۆرێك (ئەگەر نەڵێین زۆربەی) فراکسیۆنە پەرلەمانییەکان‌و وەزیرەکانی حکومەتی ئیئتیلافی بەغداش، هەر لەبنەڕەتدا باوەڕیان بەو بنەمایانە نییە کە دەستووری عێراقی دەستنیشانی کردوون، بۆیە بڕیارێکی لەوجۆرە دەردەچێتو جگە لەو ڕێکخراوو هێزانەی باوەڕیان بەو بنەما دەستووریانە هەیە، کەس دەنگی لێوە نایەت. لەگەڵ مندا بیر بکەنەوە: ئاخۆ ئەگەر حکومەتی عێراق بڕیارێکی لەسەر مەسەلەیەکی پەیوەندیدار بە مەزهەبی شیعە یان سوننی دەربکردایە، کاردانەوەکان هەر وەك ئێستا خاوو کاڵ‌و کرچ دەبوون؟ بێگومان هەر شتێکی لەو بابەتە روو بدات، هەموو هێزە سیاسییەکانی عێراق دەهەژێنێ، بە جۆرێك کە رەنگە فراکسیۆنە عەلمانییەکانیش ناچار بکات بێدەنگ نەبن‌و هەڵوێستێك بنوێنن کە دڵی توندڕەوەکان رازی بکات!!

لێرەشەوە دێمە سەر بەشی دووەمی پرسیارەکەتان. بێگومان ئەوە لاوازیی هێزە دیموکراتو مۆدیرنەکانە کە بواری ئەوە دەدات بە حکومەتێك کە شیعە توندڕەوەکان دەیبەن بەڕێوە، بە ئاسانی چاوی خۆی لەئاست ئەو دەستوورەدا دا بخات کە هەر لەبنەڕەتدا زەمینەی شەرعییەتی خۆشیەتی. ئەگەر ئەم بڕیارە وەکو رووداوی تەقاندنەوەی مەزارە پیرۆزەکان دەنگدانەوەی لەسەرتاسەری عێراقدا هەبووایە، بێگومان حکومەت جورئەتی نەدەکرد بیریشی لێ بکاتەوە.

بە کورتی پێم وایە عێراق‌و کوردستانیش لەقۆناغی گواستنەوەدا دەژین. لەم قۆناغەدا گەلێك ئاماژە دەبینین کە پێمان دەڵێن بەرەو کرانەوەو کۆمەڵگەی دابینکردنی مافو ئازادییەکان هەنگاو دەنێین. بەڵام لەهەمان کاتدا گەلێك‌و رەنگە پتر لەوانەش، ئاماژەی ترسناکی گەڕانەوە بەرەودواو هەنگاونان بەرەو سەرکوتکردن‌و پێشێلکردنی مافەکان بەدی دەکەین. بۆیە وەك لەسەرەوە گوتم هەموو شتێك لەم وڵاتەدا مۆلەقەو هێشتا هیچ شتێك جێگەی خۆی نەگرتووە. لەم گێژاوەدا ململانێیەکی توند، بەڵام هەندێکجار شاراوە لەنێوان ئەو دوو تەوژم‌و تێڕوانینەدا لەئارادایە. ئەوەی چارەنووسمان دیاری دەکات، بەرەنجامی ئەو ململانێیەیە. هەر لەبەر ئەوەشە نابێ بڕیارێکی لەو جۆرە بە رووداوێکی بچووك‌و کەم بەها ببینین، چونکە پێم وایە بردنەوەی شەڕە "بچووکەکان!"، باشترین زامنی بردنەوەی شەڕە گەورەکانە.

ئا/ تریفە

ڕەوشی ژنانی پاشماوەی ئەنفال پاش (١٩) ساڵ لە کارەساتەکە

ڕێژەی ٨٩,٦% لەژنانی ئەنفال نەخوێندەوارن، ٩٥%ی ژنی پاشماوەی ئەنفال ئەو ژنانەن کە لەکاتی ئەنفالدا لەگوندەکاندا بون‌و ئێستا لەکۆمەڵگا زۆرە ملێکاندان، ٩٦%ی ئەو ژنانە شویان نەکردوەتەوە، ٨٣,٣٢% گرفتی شوێنی نیشتەجێبونیان هەیە، ٥٢% ی ئەو ژنانەی کاردەکەن منداڵەکانیان بەتەنیا جێدێڵن لەماڵەوە.

باجی ئایش ژنێکی پاشماوەی ئەنفالەو نیشتەجێی سەرقەڵایە، پێی وایە ژنانی پاشماوەی ئەنفال پەراوێزخراوترین ژنانی کوردستانن "لەماڵێکدا یەك ئەنفال یان ١٠ کەس ئەنفال بێت هەر ١٥٠ هەزارەکەیە، کە پارەی یەك ژەم نان خواردنی بێ مەشروبی موستەشارەکانی ئەوساو مەسئولەکانی ئیستایە"، ئەو لە ڕۆژی ٢٠٠٧/٤/١٤ ئەو قسانەی دەکرد کە (١٩) ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر کارەساتەکەداو و ناڕەزاییەکانی ئەوان گرنگی بێنادرێت، ئەو پێی وابو هێندە زەمەن بەسەر زامەکانیاندا تێپەڕی ئیدی بواری ئەو هەوڵانەش نەماوە کە بۆ چارەسەری دەدرێن، باجی ئایش باسی لەوە دەکرد کە ئەوان زۆریان وتو کەس گوێی لێنەگرتن "وتم با موزاهەرە بکەین، وتیان هیچمان بۆ ناکرێتو ١٥٠ هەزارەکەشمان دەبرن"، ئەو داتایانەی لەسەرەتای ئەم نوسینەدا هاتوە بەشێکن لەو داتایانەی کە لەتوێژینەوەیەکی ساڵی ٢٠٠٤دایە کە هێمن باقرو بەرهەم عومەر

کردویانە واتە سێ ساڵ لەمەوبەرو (١٦) ساڵ پاش رودانی کارەساتەکە، بەپێی توێژینەوەکە، پرۆسەی ئەنفال بەڕێژەی ٩٤,٤% کاریگەری لەسەر باری دەرونی ژنان کردووەو ٩% یان بورانەوەی بەردەوامیان لەگەڵە، لەو توێژینەوەیەدا کۆمەڵێك دەرئەنجام خراونەتە ڕوو کە بەپێی قسەکانی هێمن‌و بەرهەم ویژدان هەژێنن‌و دەردەکەوێت کە چ ڕێکخراوو دام‌و دەزگاکانی حکومەت پیوارن لەژیانی ئەواندا.

هێمن باقر یەکێکە لەو دوو کەسەی کە توێژینەوەیەکەیان ئەنجامداوە دەڵێت "ئێمە ویستمان سەرنجی هەموو لایەك بۆ مەزنی قەبارەی کاریگەریە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر ژنانی ئەنفال رابکێشین".

بەرهەم عومەر بەشداربووی دوەمی توێژینەوەکەش دەڵێت "ئەو ژنانە خەمی خۆیان هەیەو تەنانەت جلیان هەڵسوکەوت و پێکەنینیان جیاوازە ئەوانە ئاسایی نین نابێت بەزۆر تێکەڵی کەسانی ئاسایی بکرێن ئەو ژنانە هێندە دەرون وێرانن لەوانەیە هەندێك هاوکاری هەیە ئازاریان بدات".

ژنانی پاشماوەی ئەنفال و یاسا

دوو ساڵ لەسەریەکو لە ڕۆژی ٤/١٤ پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دانیشتنی تایبەت بەتاوتوێ کردنی پرۆژە جیاوازەکانی هاوکاری کردنی پاشماوەی ئەنفال ئەنجام دەدات، بەڵام جارێ لەقۆناغی لە (بەرنامەماندایەو لەئایندە)دایە، ئیکرامە غائب لەنوسینگەی سەنتەری راگەیاندن‌و روناکبیری ژنان لە سەرقەڵا دەڵێت "کێشەی نەبونی بەڵگەنامەکانی وەك عەقدی زەواج‌و هەویەو جنسیە، ڕۆژانە روبەڕووی ژنان و منداڵانی پاشماوەی ئەنفال دەبێتەوە" هەروەها دەڵێت "ژنێك هەتا مرد هەر موچەی بۆ نەبردرایەوە لەم ناوچانە لەبەر کەمدەراتی یان ناخوێنن یان لەرەوشێکی ئێجگار ئاڵۆزدا دەخوێنن".

ژنانی پاشماوەی ئەنفال و باری کۆمەڵایەتی

هێمن باقر دەڵێت "جگە لەئامانجی سیاسی ئامانجی کۆمەڵایەتیش لەپشت ئەنفالەوە بوو، ئەو ئامانجەش هاتەدی هەزارەها کێشە ڕۆژانە بەشێك لەو میللەتە دەکرۆژێت" بەرهەمیش پێی وایە بەبێ دیراسەکردنێکی وردی ئەو ژنانە هەر یاسا یا بڕیارێك تایبەت بەوان دەربکرێت لەوانەیە خەم‌و ئازارەکانیان قورس بکاتو پێی وایە جگە لەخۆیان کەس ناتوانێت لەکۆژانەکانیان بدوێت "ئەو ژنانە نەخوێندەواری‌و ناهۆشیاری‌و ئیهمال کردنیان وایکردووە ژنێك یا چەند ژنێك نەبێت لەپاشماوەی ئەنفال بتوانن‌و قسە بکەن‌و کۆژانەکانیان بخەنەڕوو" بەپێی قسەکانی بەرهەم ڕێکخراوو دەزگا حکومی‌و ناحکومیەکان نەیانتوانیوە سەنتەرێکی تایبەت بەهاوکاری دەرونی‌و کۆمەڵایەتی ئەو ژنانە دابمەزرێنن کە ئەوە ئێجگار پێویستە، چونکە کێشەکانی ئەوان جیاوازن لەکێشەی ژنانی تر، ئەوان هیچ بڕیارێك بەدەست خۆیان نیەو نەبونی بەڵگە رەسمیەکانیش گرفتێکی تری ئەوانە. ئیکرامە دەڵێت "سەدەها منداڵ بێناسنامەن‌و سەدەها قوتابیش هەن لەبەر نەبونی بەڵگە یان ناخوێنن یان لەخوێندن دادەبڕێن "دواجار هەردوو توێژەر پێیان وایە کە ئەو ژنانە ڕۆژانە دەمرن ژیان بۆ ئەوان یەکسان بوە بەمردن‌و کەسیش گوێیان لێناگرێت.

هانا شوان

ناوو ئیمزای کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال بۆ دادگایی کردنی بەشداربوانی کورد لە پرۆسەی ئەنفالدا

لیستی هەشتەم

١- ئیبراهیم ئەحمەد محەمەد	جوتیار	چەوری	٤
٢-فەزیلە محەمەد ئەمین	ژنی ماڵ	چەوری	٣
٣-سەبریە کەریم فەتاح	بێوەژن	چەوری	١٥
٤-مەحمود عەلی عەباس	جوتیار	چەوری	١
٥-پەروین محەمەد رەحیم	ژنی ماڵ	چەوری	١٥
٦-سەیران محەمەد ستار	ژنی ماڵ	چەوری	٢
٧-نوری رەشید حسن	جوتیار	زینانەی گەورە	١
٨-کەریم خورشید عەزیز	خانەنشین	زینانەی گەورە	٢
٩-سوزان ئەحمەد عیسی	ژنی ماڵ	سەید جەژنی	٣
١٠-بەصیرە سلێمان عەزیز	بێوەژن	سەید جەژنی	١
١١-ئاسۆ ئەحمەد حەمید	مامۆستا	سەید جەژنی	١
١٢-هاوژین ئەحمەد حەمید	کچی ماڵ	سەید جەژنی	١
١٣-ئامینە عەزیز قادر	ژنی ماڵ	سەید جەژنی	٢
١٤-سەلام شکور محەمەد	شوفێر	سەید جەژنی	٢
١٥-رەفیق فەتاح ئەحمەد	کاسب	فەتاح هۆمەر	٢٢
١٦-پەیمان عەلی فەتاح	خوێندکار	فەتاح هۆمەر	٢٢
١٧-نەبەرد عەلی فەتاح	خوێندکار	فەتاح هۆمەر	٢٢
١٨-سەلیمە محەمەد حەمە خان	ژنی ماڵ	بەکرە شەل	١
١٩-ئاکۆ رەسول محەمەد	کاسب	بەکرە شەل	١
٢٠-ئەختەر عەباس عبدالقادر	بێوەژن	بەکرە شەل	١
٢١-سیروان حەمە حمید خورشید	کاسب	بەکرە شەل	١
٢٢-رەعنا حەمە ساڵح روستەم	بێوەژن	بەکرە شەل	١
٢٣-عرفان محەمەد محەمەد	کاسب	بەکرە شەل	١
٢٤-سامان محەمەد محەمەد	کاسب	بەکرە شەل	١
٢٥-بورهان محەمەد محەمەد	کاسب	بەکرە شەل	١
٢٦-ژیان رەشید ئەحمەد	ژنی ماڵ	قەڵاچرمولە	١١
٢٧-مهاباد تەیب محەمەد	ژنی ماڵ	قەڵاچرمولە	١٤
٢٨-شەوکەت جەوهەر محەمەد	بێوەژن	قەڵاچرمولە	٢٠
٢٩-مەلەك تۆفیق رەشید	ژنی ماڵ	قەڵاچرمولە	٢
٣٠-محەمەد عەزیز عەلی	جوتیار	قەڵاچرمولە	٧